کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 17:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند سەرنجێک لە سەر وتارەکەی بەرهەم و هەڵچوونەکەی مەسرور ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

لە 1995/2/28 دا ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ڕاپۆرتێکی 145 لاپەڕەیی، لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە لایەن پارتی و یەکێتیی و ئیسلامییکانەوە بڵاوکردەوە، لەوکاتەدا جەلال تاڵەبانی وەسفی ئەو ڕاپۆرتەی بەوە کرد کە (پەڵەیەکی ڕەشە بە ڕوخساریانەوە) .



ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس ووٚچ) یش لە سەرەتای ئەم مانگەدا ڕاپۆرتێکی 59 لاپەڕەیی، لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی زیندانیان لە کوردستان بڵاوکردۆتەوە. دکتۆر بەرهەم ساڵح لە سەر ئەو ڕاپۆرتە وتارێکی نووسیوە بە ناونیشانی {زەنگێکی ئاگادارکردنەوە لە (هیومان ڕایتس ووٚچ) ەوە} ئەم وتارە ئەگەر چی چەند دانپیادانانێک و ڕێگەچارەی تیادایە کە جێگەی سەرنجن، بەڵام ئەمە هەوڵێکی د. بەرهەمە بۆ جوانکردنی ڕوخساری بزوتنەوەی کوردایەتی و پارێزگاریکردنی ناسیۆنالیزمی دواکەوتوی کورد لە تورەیی بەرفراوانی خەڵکی کوردستان.

د. بەرهەم ئەڵێت (هەمووشمان دەزانین ئەزموونی حوکمرانی کورد، سەرەڕای برینی هەنگاوی زۆر، هێشتا زۆری ماوە کە بکەوێتە سەرپێی خۆی و لە هاوسۆزیی نێودەوڵەتی و پشتیوانی مادی و مەعنەویی دۆستەکانی بێمنەت بێت)، کەواتە پاراستنی مافی مرۆڤ لەوانەش (مافی زیندانیان و ژنان) مەبدەئێکی سەرەکی نییە لە بۆچوونی سیاسی بەرهەمدا، بەڵکو ئەوان سیاسەت بە نانی ڕۆژ ئەخۆن و هەر کات خۆیانگرت و بێمنەت بوون لە پشتیوانی مەعنەوی و مادی دۆستەکانیان، ئیتر گوێ لە ڕاپۆرتی لەم چەشنە و نیگەرانیەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ناگرن و بێباک ئەبن لەوەی چی ئەڵێن.

پرسیارێک کە ڕوبەڕوی د. بەرهەم ئەبێتەوە، ئەوەیە کە ئایا کاتێک تۆ سەرۆکی حوکمەتۆچکەکەی سلێمانی بوویت، بۆ هیچ هەنگاوێکت نەنا بۆ پارێزگاریکردنی مافی مرۆڤ لە سایەی دەسەڵاتی خۆتاندا، ئایا لەوکاتەدا (زیندانی حزبی و نهێنی و نارەسمی نەبوو؟ ئایا دەزگای زانیاری، دەزگایەکی بەدناوی سەروخەڵکی و هاوشێوەی دەزگای پاراستنی پارتی و ئەمنی بەعس نەبوو؟ ئایا کوژرانی ژنان و بە ئازادی سوڕانەوەی جەلادەکانیان نەبوو؟ ئایا هێرشی چەکداریتان نەکردە سەر موخالفینی سیاسی خۆتان و خەڵتانی خوینتان نەکردن؟ ئایا بە لولەی تفەنگ شێڵتەری ژنان و نوسینگەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و مەقەڕی (حککع) تان دانەخست؟ ئایا لە سایەی دەسەڵاتی ئێوەدا، کە بە قسەی خۆتان قەرزارباری پشتیوانی جمهوری ئیسلامین لە 31ی ئابدا، مزگەوتەکان نەببوونە خانەی تیرۆریستان و پەخشانەوەی فتوای کوشتنی ئازادیخوازان و مەڵبەندی تێکدانی مێشکی منداڵانی کورد؟ ئایا لە سایەی سەرۆکایەتی ئێوەدا دادگا سەربەخۆ و بێلایەن بوو؟ ئایا کەس حەدی ئەوەی هەبوو بە ئێوەو هاوپیشەکانتان بڵێت ئەو هەموو سەروەتەتان لە کوێ بوو وە کوا سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان؟ ئایا جیاوازی لە نێوان زیندانی معسکر سەلام و زیندانی ئاکرێ و موحەتەدا هەبوو؟ئایا.... هتد )

ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ووٚچ، ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە ڕەفتاری نائینسانیانەی دەزگای ئاسایشە جیاجیاکانی پارتی و یەکێتیی ئەگرێت، بەڵام ئەوەی مەسروری کوڕی مەسعود بارزانی و ئاژانسی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 17:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی هاندا بۆ دەرکردنی بەیان، ڕاپۆرتەکە نەبوو، بەڵکو نووسینی وتارێکی کورتی دکتۆر بەرهەم بوو، وە لە نێو ئەو وتارە کورتەشدا تەنها پێشنیارەکەی بەرهەم بۆ {نەهێشتنی دامودەزگاکانی ئاسایشی حزبی (پاراستن و زانیاری) یە} کە مەسرور بارزانی تورە کردووە و ئەو ڕونکردنەوەیەی بە ناوی ئاژانسە تۆقێنەرەکەیەوە نوسیوە.

بە گوێرەی ڕونکردنەوە هەڕەشە ئامێزەکەی مەسرور بارزانی لە 2007/7/10، گوایە ڕۆژنامەی خەبات لە 2007/7/9 دا لە ژمارەی (2550) یدا، ئەو وتارەی د. بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە خەبات لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ژمارەیەی سەرەوەدا، ئیشارەت بە ناونیشانی وتارەکەی د. بەرهەم ئەکات، کە گوایە لە لاپەڕە شەشدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئێستا ئەو وتارە لادراوە و لە هیچ شوێنێکی سایتی خەباتدا نەماوە.

ماوەیەک لەمەوپێش، لە سەر پێشنیاری مەسعود بارزانی، لیژنەیەک لە چەند ئەندامی بەناو پەرلەمان پێک هات، بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعیەتی زیندانیانی کوردستان (ئێستا دەردەکەوێت کە ئەو کارەش، هەر لە ژێر فشاری هیومان ڕایتس ووٚچدا بووە)، تاقە کارێکی ئەو لیژنەیە، ئازادکردنی چەندین زیندانی بە ناهەق گیراو بوو، هیچی تر، لیژنەکە هیچ قسەیەکی نەبوو لە سەر (ئیختیتاف، زیندانی نهێنی میلیشیا سەرەکیە کوردیەکان، زیندانیکردن بە بێ ڕاگەیاندنی تۆمەت، ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕوحی زیندانیان، دادگای نا سەربەخۆ و وابەستە بە حیزبەکان... هتد)

ئێستاش لە پاش دوو هەفتە لە بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتەکە، سەرانی پارتی و یەکێتیی و حکومەتی هەربێنە و ئاسایشەکەیان، قسەیەکی ڕەسمیان بۆ خەڵکی کوردستان ڕانەگەیاندووە.

2007/7/16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.